# تیمبلیتی پرسیارەکانی ڕێزمانی بەراورد

پ١/ ئەم وشانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ ڕستەسازی لقێکی ڕێزمانە ئەرکی.........................................................................

٢ـ لەزمانی عەرەبیدا پەیوەندی"الاسنادی" لەڕستەی سادەدا لەڕێگەی سێ بنەماوە دەبێت کە........... و...............و.......... .

٣ـ فرەیزی کاری بێ کۆتا فراوان دەکرێت چونکە ...........................................

٤ـ لەزمانی فارسیدا کاری ڕابوردوی بەردەوام بەهۆی نیشانەی لە ............ نەفی دەکرێ.

٥ـ فرەیزی کاری ناسادە لەزمانی ئینگلیزی دا بریتییە لە ................................................................... .

پ٢/دیارخەرەکانی پێش سەرە و پاش سەرەی ناو چین لەزمانی کوردیدا؟ بە نموونەوە لەگەڵ زمانی عەرەبی بەراوردی بکە؟

پ٣/ ئاوەڵناو لەزمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی. (بەراوردی نێوانیان بکە؟)

پ٤/ فرەیزی ناوی لەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی. (بەراوردی نێوانیان بکە؟)

پ٥/ ئەم وشانەی خوارەوە، کە سەرەن بخەرە ناو فرەیزێکەوە لەگەڵ فراوانکردنیان بەدیارخەری گونجاو بەو فرەیزەی دروستی دەکەن ؟

هەردەم ، سالآنە، فریویدا، لەتۆدا، ژیر، جەژن، لەتاو، سوتا، گوند، شۆخ.

پ٦/ ئەم وشانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ ڕستەسازی بەرپرسە لە.........................................................................

٢ـ لەزمانی عەرەبیدا ئەگەر بکەر پێش کاربکەوێت ئەوا ئەو ڕستەیە دەبێت بە................ .

٣ـ فرەیزی کاری بێ کۆتا فراوان دەکرێت چونکە ...........................................

٤ـ لەزمانی فارسیدا فرەیزی ئاوەڵکاری دەشێ لەگەڵ ئاوەڵناوی .......... لەگەڵ......... دەرکەوێت.

٥ـ فرەیزی ئاوەڵکاری ژمارەیان کەمە، لەبەرئەوە سود لە ............................. وەردەگیرێت لەناو ڕستەدا .

پ٧/دیارخەرەکانی پێش سەرە ی ناو لەزمانی کوردیدا چین ؟ بە نموونەوە لەگەڵ زمانی فارسی بەراوردی بکە؟

پ٨/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ ئاوەڵکار لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی. ٢ـ فرەیزی ناوی لەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی.

پ٩/ ئەم وشانەی خوارەوە کە سەرەن بخەرە ناو فرەیزێکەوە لەگەڵ فراوانکردنیان بەدیارخەری گونجاو بەو فرەیزەی دروستی دەکەن ؟

پەلە ، ڕۆژ، هەڵگرت، لەمنەوە، دوێنێ، قەلەم، هێشتا، دڵ، زیرەك، لەدهۆك را.

پ١٠/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ لەزمانی فارسیدا سێ جۆری سەرەکی کاتمان هەیە لەکاردا، کە بریتین لە ..........و........و.......... .

٢ـ ڕستەی سادە لەزمانی عەرەبیدا دابەشی سەر دوو پێکهاتە دەکرێت، کە بریتین لە ........... و .............. .

٣ـ فرەیزی ناوی فراوان دەکرێ بەلێکدانی هەردوو جۆر لە.......................و................................ .

٤ـ فرەیزی بەند لەزمانی کوردیدا بەیارمەتی یەکێك لە .......دروستدەکرێ، کە ئەمانیش ڕۆلی........دەبینن .

٥ـ فرەیزی ناوی لەزمانی ئینگلیزی فراوان دەکری بەهۆی ............ یان ..............

پ١١/ دیارخەرەکانی دوای سەرە ی ناو لەزمانی کوردیدا چین ؟ بە نموونەوە لەگەڵ زمانی فارسی بەراوردی بکە؟

پ١٢/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ فرەیزی بەند لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی. ٢ـ فرەیزی ئاوەڵناوی لەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی.

پ١٣/ ئەم وشانەی خوارەوە کە سەرەن بخەرە ناو فرەیزێکەوە لەگەڵ فراوانکردنیان بەدیارخەری گونجاو بەو فرەیزەی دروستی دەکەن ؟

بەردەوام، ئەوان، شەوانە ، بەشی کوردی ،لەئێوارەوە، بچوك، جوتیار، دەفری، خوشك، مرد .

پ١٤/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ فرەیزی ناوی لێکدراو بەهۆی .............. لێکدەدرێ.

٢ـ فرەیزی کاری سادەی ناوك لەزمانی کوردی پێکدێت لە .........................

٣ـ لەزمانی ئینگلیزی دەشێ زیاتر لەکارێك لەڕستەدا بێت، کە پێیان دەوترێت...................

٤ـ لەکاری ڕابوردو لەزمانی فارسیدا جێناوی کەسی سێ یەم دەرناکەوێ جگە لە ...............نەبێت.

٥ـ دەشێ لە فرەیزی ناویدا سەرە بریتی بیت لە ............ یان ...............

پ١٥/دیارخەرەکانی پێش ودوای سەرەی ناولەزمانی کوردیدا چین ؟ بە نمونەوە لەگەڵ زمانی فارسی بەراوردی بکە؟

پ١٦/ بەراوردی نێوان یەکێك لەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ فرەیزی بەند لەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی. ٢ـ فرەیزی ئاوەڵکاری لەزمانی کوردی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی.

پ١٧/ ئەم وشانەی خوارەوە کە سەرەن بخەرە ناو فرەیزێکەوە لەگەڵ فراوانکردنیان بەدیارخەری گونجاو بەو فرەیزەی دروستی دەکەن ؟

کورد، وریا، لە ژوورەوە ، خێرا ، لولی دا، بەئازارەوە، خوێند، بێ دەنگی، هەولێر، هێواش .

پ١٨/ وشە بە پێی دەوروبەر چۆن بەکاردێت؟ ئەو زانیاریانە چین، کە پێویستە لەبەکارهێنانی وشەدا هەبن؟ بە نمونەوە وەڵام بدەرەوە ؟

پ١٩/ ناو لەزمانی کوردیدا چۆن کۆ دەکرێتەوە باسی بکە؟ دواتر بە نمونەی پێویست لەگەڵ زمانی ئینگلیزی و عەرەبیدا بەراوردی بکە؟

پ٢٠/ أـ پووشەکە زەرد بووە. ب ـ لە پایزان دونیا زەرد دەچێتەوە. ج ـ جوتێك کۆتری زەردم کری . د ـ زەردەکانی لەبەرکردوە. ( زەرد لەم ڕستانەدا دەبێت بە چی ).

پ٢١/ ( هیچ ، زۆر ، هەمیشە، خۆم، دڵسۆز، هەر ) هەریەك لەم دیارخەرانە بخەرە پاڵ سەرەی فرەیزێکەوە و دواتر جۆری فرەیزەکەش دیاربکە؟

پ٢٢/ لەزمانی کوردیدا ئاوەڵناو وەکو سەرە چەند دیارخەرێك وەردەگرێت؟ ئەمە باس بکە و دواتر بەراوردی بکە لەگەڵ زمانی فارسی و ئینگلیزی؟

پ٢٣/ دیارخەرەکانی پێش سەرە ی ناو لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی چین ؟ دیاریان بکە بە نمونەوە ؟

پ٢٤: ـ چە پکێك گوڵم بۆ بێنە. ـ چە پکە گوڵێکم بۆ بێنە.

١ـ لە هەر دوو فرەیزی( چە پکێك گوڵ و چە پکە گولێك ) شوێنی ( ێك ) جێگۆرکێی کردووە، ئایا ئەمە دیاردەیەکی سینتاکسییە؟ ئایا کام لەم فرەیزانە ڕێزمانی ترن؟ بۆچی؟

٢ـ کاریگەری ئەم جێگۆرکێیەی ( ێك ) چییە لە سینتاکس دا ؟ هەریەك لەم دوو فرەیزەم بۆ شی بکەرەوە لەڕووی دیارخەر و دیارخراوەوە؟

پ٢٥/ لە وشەی لێکدراوی( پاك و خاوێن ) دا جۆرەکانی فرەیز دروست بکە و بیا نخەرە ناو ڕستەیەکی گونجاوەوە؟

پ٢٦/ ناو لەزمانی کوردیدا وەکو سەرە چەندین دیارخەر وەردەگرێ ئەو دیارخەرانە چین؟ دیارخەرەکانی پێش سەرە لەگەڵ زمانی عەرەبی بەراورد بکە؟

مامۆستای بابەت/ بیان ملا حمدامین